BRITISH COUNCIL

# نەوەی نوێی عێراق

تەمموز 2024

www.britishcouncil.org/research-insight




© o3 Media Production/Pexels

BRITISH COUNCIL

ناوەڕۆک:


1. پێشەکی و میتۆد
2. پرۆفایلەکان
3. تێڕوانینەکان
4. ڕێڕەوەکان
5. ڕاسپاردەکان


www.britishcouncil.org/research-insight




© Khezez/Pexels

# پێشەکی

نەوەی داهاتووی عێراق توێژینەوەیەکی گرنگە کە لە ئەزموون و تێڕوانین و هەڵوێستی هەزار و ٢٦٨ گەنجی عێراقی دەکۆڵێتەوە کە تەمەنیان لە نێوان ١٨ بۆ ٣٠ ساڵدایە، ئەمەش لە چوارچێوەی پرۆگرامی توێژینەوەی نەوەی داهاتووی ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانیا.

ئامانجەکانی نەوەی داهاتوو:

- دەستنیشانکردنی هەڵوێست و خواستەکانی گەنجان
- برەودان بە دەنگی گەنجان
- پشتگیریکردن لە داڕشتنی سیاسەتەکانی پەیوەست بە گەنجانەوە



بیرۆکەکان لە ٣ بەشدا ڕێکخراون:

- پرۆفایلەکان: چۆن بەها و بیروباوەڕ وهەڵسوکەوتی گەنجانی عێراقی ژیانی ئێستایان و خواستەکانی داهاتوویان دادەڕێژن؟
- تێڕوانینەکان: ئەو ئەزموون و تێڕوانینانەی پێیدا تێپەڕیوون لە پەیوەندیدا بە ئاڵنگارییە جیهانی و کەسییەکانی گەنجانەوە چین؟
- ڕێڕەوەکان: فاکتەرە توانابەخشەکان و ئەو بەربەستانە چین کە ڕێگرن لەوەی گەنجان تەواوی تواناکانی خۆیان بەدی بهێنن، جا چ لە بواری پەروەردە و دامەزراندن یان لە بواری سیاسیدا بێت؟

# میتۆد

رێڕەوی کارکردن 1:
شیکاری دیمەن و دۆخەکە

پێداچوونەوە بە ئەدەبیاتی بەردەست و سێ چاوپێکەوتنی سەرەکی لەگەڵ پسپۆڕانی گەنجدا.

رێڕەوی کارکردن 2:
ڕومالّی نوێنەرایەتی لەسەر ئاستی نیشتمانی

تێکڕای قەبارەی سامپڵەکە بریتیە لە 1,268 (1,000 سەرەکی، 200یش لە گرووپە پەراوێزخراوەکان).

رێڕەوی کارکردن 3:
دانیشتنەکانی ئەزمونە قووڵەکان

12 دانیشتنی تاکەکەسی ئەزمونە قووڵەکان لەگەڵ گەنجانی تەمەن 18-30 ساڵ ئەنجامدرا

رێڕەوی کارکردن 4: گرووپی شرۆڤەکاری قووڵ

شەش دانیشتنی گرووپی شرۆڤەکاری قووڵ لەگەڵ چین و توێژە دیاریکراوەکانی گەنجانی عێراق ئەنجامدرا.

رێڕەوی کارکردن 5:
دانیشتنەکانی ستۆدیۆی بەشداریکردنی گەنجان

چوار توێژەری گەنج لە پرۆگرامێکی پێشووی ئەنجومەنی بەریتانیا لە عێراق و چوار سەرکردەی گەنج لە کەرتە جیاوازەکاندا

# پرۆفایلەکان

# گەنجان هەوڵی بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بەها نەریتییەکان و ئاڵنگارییەکانی ژیان دەدەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر گەشبینن

## خێزان بە بەهایەکی بنەڕەتی عێراقی دادەنرێت، و بەلای گەنجانی عێراقەوە بەردەوامە لە بینینی ڕۆڵێکی سەرەکی

73% خێزان بە متمانەپێکراوترین سەرچاوەی زانیاری دەزانن

66% خێزان وەک کلیلی سەرکەوتن و بەختەوەری کەسی سەیر دەکەن

63% بەو شێوەیە لە خێزان دەڕوانن کە زۆرترین کاریگەری لەسەر بۆچوونەکانیان هەیە

بەڵام کێشە داراییەکان و گووشارە ئابوورییەکان وەک بەربەستی سەرەکی ماونەتەوە بۆ ئەو گەنجانەی بیر لە پێکهێنانی خێزان و گەیشتن بەو ئامانجانە دەکەنەوە



## سەرەڕای سەختییە ئابوورییەکان، بەڵام گەنجان گەشبینن بە داهاتوو



%54 گەشبینن بە داهاتووی پیشەیی خۆیان



%51 گەشبینن بە کواڵیتی ژیانی داهاتوویان

## شانازی بەوە دەکەن کە هاووڵاتی عێراقین، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو میراتە کولتوورییەی هەیانە






"شانازی بە باڵەخانەی بانکی ناوەندییەوە دەکەم کە بەرزترین باڵەخانی عێراقە، و لەلایەن تەلارسازی بەناوبانگ، زەها حەدید ەوە دیزاینکراوە " (نێر، بەغدا).

# سۆشیال میدیا سەرچاوەیەکی گرنگی زانیارییە و ئامرازێکە بۆ برەودان بە دەنگی گەنجان

زۆربەی گەنجان دەستیانڕادەگات بە هێڵی ئەنتەرنێت و سۆشیال میدیا نەک تەنها وەک سەرچاوەی زانیاری، بەڵکو وەک ڕێگەیەک بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان بەکاردەهێنن

### سێ سەرچاوەی هەرە گرنگ بۆ زانیاری




"بە ڕاستی، سۆشیال میدیا، بەتایبەتی فەیسبووک، ئامرازێکی بەهێزە بۆ گوزارشتکردن لە بیروڕاکانت سەبارەت بەوەی چ شتێك بە هەڵەدا دەڕوات، تەنانەت ئەگەر نیگەرانیش بیت لەبارەی قسەکردن بە شێوەیەکی ئاشکرا." (مێ، بەسرە)

ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕۆژانە زۆرترین جار بەکاردەهێنرێن




بەڵام هێشتا متمانەکردن بە سۆشیال میدیا لاوازە، و نایەکسانی هەیە لە دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دا و خوێندەواری دیجیتاڵی گرفتێکە

### متمانەکردن بە سەرچاوەی زانیاری




جگە لە سوودەکانی، گەنجانی عێراق نیگەرانن لە مەترسی و لایەنە نەرێنییەکانی سۆشیال میدیا، وەک کاریگەریی کلتوری کەسە کاریگەرەکان لەسەر ئاسایکردنەوەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.

### سۆشیال میدیا وەک باوترین سەرچاوەی زانیاری




دەستڕاگەیشتنێکی نایەکسان هەیە بە ئینتەرنێت. و گەنجە پەراوێزخراوەکان، لە نێویاندا ئاوارە ناوخۆییەکان و گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کەمتر پشت بە سۆشیال میدیا دەبەستن وەک سەرچاوەیەکی زانیاری، ئەویش بەهۆی کێشەکانی دەستڕاگەیشتنەوە.

# پرۆفایلی چوار گروپ-پرسە سەرەکییەکان

## ئاوارە ناوخۆییەکان

ئاوارەکانی ناوخۆ جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە لە پەیوەندیدا بە پرسەکانی پەیوەست بە تەمەن و دۆخی پەیوەندی و شوێنەکانیان. هەروەها ئەوان بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەشبینترن لە بارەی ئاستی ژیانیانەوە.

ئەو گەنجانەی کە ئاستی ژیانیان بە "خراپ" یان "زۆر خراپ" هەڵسەنگاندووە

51% 39%



گەنجانی ئاوارە

ئەو گەنجانەی ئاوەری ناوخۆیی نین

ئاوارەکانی ناوخۆ پێیان وایە هەلی کار و کواڵیتی ژیان هۆکاری گرنگن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەوەی بیر لە کۆچی نێودەوڵەتی بکەنەوە

## دابەشبوونە ناوچەییەکان

جیاوازی لە خوێندن و دامەزراندن لە نێوان هەر سێ ناوچەکەدا هەیە، بە تایبەتی کە ئاستی ڕاهێنانی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا بەرزە.




بەڵام هەرێمی کوردستان بەدەست بەرزترین ئاستی بێکارییەوە دەناڵێنێت، هاوکات لەگەڵ تێڕوانینێکی ڕەشبینانەتر و مەیلێکی زیاتر بۆ سەیرکردنی بەشداری سیاسی نیشتمانی وەک شتێکی بێ بایەخ.

## کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئاستێکی خوێندنی کەمتریان بەدەست هێناوە، ئەویش بەهۆی کێشەکانی دەستڕاگەیشتنەوە.

ڕێژەی سەدی ئەو گەنجانەی کە تەنها خوێندنی ناوەندییان تەواو کردووە

43% 20%



گەنجانی کەمئەندام

ئەو گەنجانەی کەمئەندام نین

پرسەکانی دەستڕاگەیشتن بە دامەزراندن، لەگەڵ لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی و جیاکاری، ڕۆڵیان هەیە لەوەی گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر ڕەشبین بن سەبارەت بە پیشەی داهاتوویان و پتر مەیلیان هەبێت بۆ کارە پیشەگەرییەکان.

## ئافرەتە گەنجەکان

جیاوازییەکی بەرچاوی جێندەری لەنێو گەنجانی عێراقدا هەیە، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە پرسی دامەزراندنەوە.

ڕێژەی سەدی گەنجانی کارکەر بەپێی ڕەگەز

23% 47%



مێ نێر

هەروەها جیاوازی جێندەری لە دەرفەتە پەروەردەیی و پیشەگەرییەکاندا دەردەکەوێت، ئەمەش بەهۆی بەربەستە جێندەرییەکانەوە کە پەیوەستن بە کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

# تێڕوانینەکان

www.britishcouncil.org/research-insight

# گووشاری ڕۆژانە و ئاڵنگارییە ئابوورییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر نیگەرانییەکانی پەیوەست بە کەشوهەواوە

**هەرچەندە گۆڕانی کەشوهەوا لە پێشینەی کارەکان نییە، بەڵام گەنجان نیگەرانن لە گۆڕانی کەشوهەوا، بەتایبەتی کە لەسەر ئاستی ناوخۆدا بەدەست کاریگەرییەکانییەوە دەناڵێنن.**

**44%** نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە کاریگەریی ژینگەیی گۆڕانی کەشوهەوا لەناو وڵاتەکەیاندا

**24%** وەك بە پەلەترین ئاڵنگاری جیهانی دەستنیشانیان کرد

به ڕاستی گەنجان هەستیان کرد کە گۆڕانی ژینگەیی کاریگەری هەیە لەسەر ژیانیان، و لە نێو چەندین پرسی دیکەدا ئاماژەیان کرد بە نیگەرانییەکانی پەیوەست بە پرسەکانی پەیوەندیدار بە ئاو (20%)، و پیسبوونی هەوا (15%)، و گەرمای توند (12%)





**بە بەردەوامی گەنجانی عێراقی لە تێکڕای ناوچە و ڕەگەز، تەمەن و باری کەمئەندامێتی، نیگەرانییەکانی پەیوەست بە دامەزراندنیان وەک ئاڵنگارییەکی سەرەکی جیهانی و کەسی خۆیان دەستنیشان کرد**

**52%** کەمی دەرفەتی کار ئاڵنگارییە کەسییە گەورەکەیە

**45%** ا بێکاری ئاڵنگارییە هەرە بە پەلەکەی جیهانە

. کێشە ئاماژەپێکراوەکانی سەرەوە بەهۆی تێڕوانینەکانی پەیوەست بە گەندەڵی و خزمگەرێتی ئاڵۆزتر بوونە، بە تایبەتی کاتێك پرسەکە پەیوەست دەبێت بە دامەزراندن لە حکومەت دا.

بەلای ئەوانەی کە کار دەکەن،

- کرێ کەم (56%) و گەندەڵی (41%) نیگەرانییە سەرەکییەکانن

بەلای کەسانی کەمئەندامەوە،

- ئەوەی لە پێشینەی کارەکانە بریتیە لە پرسەکانی پەیوەست بە توانای گەیشتن بە شوێنی کارەوە
-

# جیاکاری لەسەر بنەمای کەمئەندامێتی و پرسەکانی پەیوەست بە توانای گەیشتنەوە پرسی باوون، بەڵام مایە دڵساردکردنەوە نیین

**پرسەکانی دەستڕاگەیشتن بە کار و خوێندن وا لە گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەکەن کە ڕەشبین بن سەبارەت بە داهاتوویان، بەڵام پێشەنگکاری جێگرەوەیەك دەستەبەر دەکات**

ئەو گەنجانەی کە هەست بە گەشبینی دەکەن بە پیشەی داهاتوویان و بەپێی دۆخی کەمئەندامییان




**بەم پێیە، گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت سوودەکانی پێشەنگکاری بەدی دەکەن، و بە ئامرازێکی دەزانن بۆ تەرخانکردنی شوێنەکانی کار بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە تاکەکەسییەکانیان کە زۆرجار لە شوێنی کارە تەقلیدییەکاندا دابین ناکرێت.**

”هێشتا دەتوانین کاریگەر بین و ئەوە بۆ کەسانی دیکە بخەینەڕوو کە دەتوانرێت ئامانجە مەزنەکان بەدەست بهێنرێن تەنانەت ئەگەر کەمئەندامیشمان هەبێت.“(نێر، بەسرە)

**بەگشتی تێڕوانینی ئەرێنی بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان هەیە، بەڵام گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەست بە جیاکاری دەکەن و دان بە هەبوونی دا دەنێن.**




لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی و گومان لە تواناکانیان کاریگەری نەرێنی لەسەر گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە – هەر لە ئاوێتەبوون لە نێو کۆمەڵگاوە تا ئاسۆی پەیوەندییەکانی داهاتوو (بۆ نموونە هاوسەرگیری).

**"ئەگەری ئەوە هەیە هەموو کەسێک ئامادە نەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەمئەندامێکدا بکات لەکاتێکدا کە دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بکات کە کەمئەندام نییە." (نێر، بەسرە)**

# ڕێڕەوەکان

# گەنجان ڕێڕەوی جێگرەوەیان پێ باشترە لە بەشداری سیاسی

## دەکرێت بەرجەستەبوونی باشتری بۆچونی گەنجان لە سیاسەتدا ببێتەهۆی زیادبوونی بەشداریکردنی سیاسییان

ڕێژەی سەدی ئەو گەنجانەی کە ئەگەری هەیە پتر بەشداری لە سیاسەتدا بکەن ئەگەر نوێنەرایەتی دید و بۆچونەکانیان بکرێت




بەشێکی ناڕازیبوون لە سیاسەت دەگەڕێتەوە بۆ پرسەکانی پەیوەست بە دامەزراندن و بەڵێنە بەدینەهێنراوەکانی سیاسەتمەداران کە پێشتر ناڕەزایەتی جەماوەریی لێکەوتەوە کە لەلایەن گەنجانی عێراقەوە ڕێکخران.

"بەو تاکە ڕێگایەی لەبەردەمماندا ماوە دەنگی خۆمان دەگەیەنین، ئەویش کە نابینە بەشێك لە پرۆسەیەک کە پێدەچێت لە سەرەتاوە ساختەکاری لەخۆبگرێت لە دژی بەرژەوەندییەکانمان." (مێ، نەینەوا)

## هەرچەندە گەنجانی عێراق گومانیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن و سیستەمی سیاسی هەیە، بەڵام ئەوان لە ڕووی سیاسییەوە بێباك نیین

ڕێژەی سەدی گەنجان  بە پێی ناوچەکان کە بەشداریکردن لە سیاسەتی نیشتمانیدا بە کارێکی گرنگ دەزانن




پێیان وایە ناڕەزایەتییان و بە تایبەتی سۆشیال میدیا ڕێگەیەکی بەهێزن بۆ گەیاندنی دەنگی گەنجان

"بە ڕاستی بیرۆکەی ئەنجامدانی چالاکیی ناڕەزایەتی هیوایەکم پێدەبەخشێت، هەست بە گەشبینی دەکەم لەو بارەیەوە." (مێ، بەسرە)

# گەنجانی عێراق پەروەردە بە گرنگ دەزانن بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، بەڵام جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێنرێت

## گەنجانی عێراقی ئەو کارامەییانەی کاری کردەییان دەیەوێت کە هەست دەکەن لە خوێندنەکەیاندا بەدی ناکەن

کاتێک باس لە ئامادەیی پیشە دەکرێت، گەنجان کۆمەڵێك کارامەیی دەنرخێنن لەوانە داهێنان (38%)، چارەسەرکردنی کێشەکان (38%)، و کارامەیی پەیوەندیکردن (28%).

"پەروەردە گرنگە (...) بەڵام هەندێکجار، پەروەردەی فەرمی بە تەواوی ئامادەمان ناکات بۆ لایەنی پراکتیکی کارەکان." (نێر، بەسرە)

هەروەها تیشک دەخەنە سەر گرنگی فێربوونی چەند زمانێک، بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، بۆ برەودان بە ئەگەری بەدەستهێنانی هەلی کار و کارلێککردن لەگەڵ کولتووره جیهانییەکاندا.

ئەو کارامەییانەی زمان کە زۆرترین خواستیان لەسەرە لەلایەن گەنجانی عێراقەوە

80% ازمانی ئینگلیزی

64% زمانی عەرەبی

10% زمانی تورکی

## پەروەردە لەلایەن گەنجانی عێراقەوە بەهایەکی زۆری هەیە، بەڵام پێویستە بە پەلە سیستمی پەروەردە بەرەوپێشببردرێت

70% پێیان وایە پەروەردە پرسێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

63% هەست دەکەن کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گونجاو پاداشتی دەستکەوتە پەروەردەییەکان ناداتەوە

جەختکردنەوەی سیستەمی پەروەردە لەسەر زانیاری تیۆری و نمرەی تاقیکردنەوەکان، نەک کارامەیی پراکتیکی و ئارەزووی خوێندکاران، دەبێتەهۆی ئەوەی شکست بهێنێت لەوەی بە شێوەیەکی گونجاو قوتابییان ئامادە بکات بۆ بازاڕی کار.

گرنگترین ئەو بوارانەی پێویستیان بە بەرەوپێشبردنە

29%



کواڵیتی خوێندن

23%



بەرەوپێشبردنی پرۆگرامەکانی خوێندن

# کاری پێشەنگکاری جێگرەوەیەك بۆ دامەزراندن دەستەبەر دەكات، بەڵام هێشتا بەربەستەكان لە ئارادا ماوون

هەرچەندە کوڕان و کچانی گەنج خواستێکی یەکسانییان هەیە، بەڵام بەربەستەکانی بەردەم پێشەنگکاری پەیوەندییان بە پرسی ڕەگەزەوە هەیە.

بەربەستەکانی بەردەم پێشەنگکاری پەیوەستن بە سەختی بەدەستهێنانی داراییەوە بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەکان و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بە تایبەتی کە ئافرەتان ڕووبەڕووی ئاستەنگی سەرەکی بوونەتەوە کەبەرجەستە دەبن لە فشارە خێزانیی و کۆمەڵایەتییەکاندا

**بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم پێشەنگکاری بەپێی ڕەگەز**




زۆرجاری ئەم فشارە کۆمەڵایەتییانەی پەیوەستن بە پێشبینییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەوە، کە زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر کچانی گەنج، بەتایبەتی ئەوانەی لە کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکاندا دەژین.

نارازیبوون لە پرسی دامەزراندن لە عێراق، وا لە گەنجانی عێراق دەکات وەك ڕێگایەك لە پێشەنگکاری بڕوانن

**لە هەر دە گەنجی عێراقی شەشیان ئارەزووی کاری پێشەنگکاری دەکەن، و پێیان وایە ڕێڕەوێکی پڕ لە ئاڵنگارییە، بەڵام پاداشتبەخشە.**



خواستی یەکسان بۆ پێشەنگکاری لە نێوان کوڕان و کچانی گەنجدا بەدی دەکرێت، بەڵام جیاوازییەکی کەم هەیە کاتێک پرسەکە پەیوەست بێت بە شارنشینییەوە

**خواستی پێشەنگکاری بەپێی شارنشینبوون.**



# ڕاسپاردەکان

# ڕاسپاردە سەرەکییەکان

## ڕێڕەوەکان

**بەشداری سیاسی و مەدەنی:**

- ئاسانکاری بۆ بەدیهێنانی گوتاری سیاسی گشتگیر لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی دۆست بە گەنجانەوە
- دڵنیابوون لەوەی هێڵی ئەنتەرنێت سەلامەتە بۆ بەشداری سیاسی
- برەودان بە نوێنەرایەتی لە نێو پارتە سیاسییەکاندا
- برەودان بە سیاسەتدارشتنی تەوەربەند لەسەر گەنجان

**پەروەردە و پیشەنگکاری:**

- چاکسازیکردن لە پرۆگرامی خوێندنا بۆ ئەوەی پتر جەخت بکرێتەوە لەسەر کارامەییە کردارییەکان
- برەودان بە ڕاهێنانی پیشەیی بۆ دەستەبەرکردنی ڕێڕەوەکانی دەرەوەی زانکۆ
- باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن لە ناوچە گوندنشینەکان
- یەکخستنی ڕێنمایی پیشەیی لە خوێندنی ناوەندیدا
- باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە دارایی و تۆڕەکان بۆ خاوەنکارە پەرۆشەکان

## تێڕوانینەکان

**دامەزراندن:**

- گرنگیدان بە پەرەپێدانی کارامەیی و ئەزموون لە ڕێگەی هاوکاری نێوان کەرتی گشتی و تایبەت
- خستنەڕووی دەستپێشخەرییەکانی دەستڕاگەیشتن بۆ لەخۆگرتنی گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت
- برەودان بە دامەزراندن لە گوندەکاندا
- برەودان بە دامەزراندن لە ئابووری دیجیتاڵیدا

**گۆڕانی کەشوهەوا:**

- برەودان بە پەروەردە و هۆشیاری پەیوەست بە کەشوهەواوە
- برەودان بە ڕێگاکانی ژیان و گوزەرانی بەردەوام و پیشەنگکاری سەوز
- توانادارکردنی گەنجان لە بواری داکۆکیکردن لە ژینگە لە هەموو ئاستەکانی حکومەتدا
- تێکهەڵکێشکردنی خۆڕاگری کەشوهەوا لە بواری پەروەردەدا

## پرۆفایلەکان

**یەکگرتنی کۆمەڵایەتی:**

- برەودان بە دەستڕاگەیشتن بە شوێنە گشتیەکان، و شوێنی کار، و دامەزراوە پەروەردەییەکان و دەستەبەربوونی ئامێرە هاوکارەکان
- برەودان بە پەروەردەی گشتگیر لە ڕێگەی ڕاهێنانی مامۆستایانەوە تاوەکو کارامەیی و سەرچاوەی پێویستیان بۆ دابین بکرێت
- پەرەپێدانی ئەو پرۆگرامانەی پرسی جێندەری و بارودۆخەکە لەبەرچاو دەگرن، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە ئافرەتان ڕووبەڕووی فشارە کۆمەڵایەتی و خێزانییەکان دەبنەوە
- برەودان بە پاراستن و میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاسایی بۆ پارێزگاریکردن و پێشخستنی مافەکانی گەنجانی خاوەن پێداویستی تایبەت